خولی ئەڵمانیا.. دەرتەند سێ خاڵی گرنگی بەرامبەر ولفسبەرگ بەدەستهێنا



لە خولی ئەڵمانیا دەرتەند سێ خاڵی گرنگی بەدەستهێنا دوای بردنەوەی لە ولفسبەرگ بە دوو گۆڵ بەرامبەر گۆڵێک.

لە هەفتەی 21ی خولی ئەڵمانیا، یانی بەروسیا دەرتەند لە دەرەوەی یاریگای خۆی بووە میوانی یانی ولفسبەرگ.

لە تایمی یەکەمدا، یاریزانانی یانە چەند هەرشێکیان کردە سەر گۆڵی یەکتر تا لە خولەکی 38 جولیان براندت گۆڵێکی بە دەرتەند تۆمارکرد.

لە تایمی دووەمدا و لە خولەکی 52 کولڕاکیس ئینجامەکەی بە ولفسبەرگ یەکسانکردەوە بەڵام لە خولەکی 87 سیرێ گیوراسی دەرتەندی کردە خاوەنی گۆڵەکیتر و سەرئنجام یاریەکیان بە ئینجامی دوو گۆڵ بەرامبەر گۆڵێک بردەوە.

لە یاریەکانی تری هەمان هەفتە، یانی شتوتگارت روویەووی سانت پاولی بووەوە و بە ئینجامی گۆڵێک بەرامبەر دوو گۆڵ یاریەکەی پێدانەاند، هامبۆرگ بردنەوەی بەسەر هایدنهایم بەدەستهێنا.

دەرتەند بە 48 خاڵ لە پلەی دووەمی ریزبەندیدایە و جیاوازیەکی لەگەڵ بایرن میونشنی پێشەنگ بە شەویەکی کاتی بە سێ خاڵ کەمکردەوە، شتوتگارت لە پلەی چوارەمدایە، هامبۆرگ لە پلەی 12 دەبینرێت.